# لەسەر دوو شیعار لە پەیوەند بە ریفراندۆمەوە:

## ریفراندۆم لە کوردستان پێش هەڵبژاردن!

## ریفراندۆم: سەربەخۆیی کوردستان، ئا یان نا؟

فاتح شێخ
fateh_sh@yahoo.com

بەدوای هەڵوێستە شۆڤێنییەکەی غازی یاوەردا جموجۆڵێکی سیاسی لە کوردستانی عێراق‌و لە دەرەوە بۆ راوەستانەوە بەرامبەر بەو هەڵوێستەی جەنابی غازی‌و یاوەرەکانی‌و بۆ بەدەستەوە گرتنی سەرلەنوێ‌و گەرموگوڕی سیاسەتی ریفراندۆم دەسپێکراوەو کەمپەینی ریفراندۆمیش بە باشی لێی هاتووەتە پێش. مەبەست ئەوەیە ئەم هەلە سیاسیە کە بۆ دەخالەتی راستەوخۆی خەڵکی کوردستان لە چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگاکەیاندا هاتووەتە گۆڕ، لەبار نەچێ‌و بەلاڕێدا نەبرێ. کەمپەینی ریفراندۆم‌و حزبی کۆمۆنیستی کارگەریی عێراق، کە ساڵەهایە ئاڵای سەربەخۆییان وەك رێگاچارەیەکی بەرکار لەدەسدایە، وە هەر کۆمۆنیستێك، هەر ئازادیخوازێك‌و هەر کەسێك وا بۆ چارەسەرکردنی فەوری مەسەلەی کورد لە عێراق سۆزێك لە دڵی خۆیدا شك ئەبا، ئەبێ ئەم رۆژانە وریابێ هەل بەفیڕۆ نەدا.

سەرەڕای هەرجۆرە هەڵسووڕان‌و وروژاندن‌و رێکخستن‌و هێنانەمەیدانێکی خەڵك، دانانی شیعاری بەجێ‌و گونجاو‌و دەقیق، مەسەلەیەکی زۆر حەساس‌و گرنگەو دوو شیعاری سەرەوە، بەرای من، لەم باسەداو لە سیاسەتی ئەم رۆژانەدا سەرەکین. لەسەر هەرکامیان کورتەیەك باس ئەکەم:

- باس لەوەیە کە گوایە بەم زووانە لە عێراق هەڵبژاردن بەڕێوە ئەچێ. چەندە ڕێی تێئەچێ لەم سیناریۆ تاریکەی ئێستەدا، لەم دۆزەخەدا کە بۆ خەڵکی عێراق داخراوە، ئەو هەڵبژاردنە سەربگرێ یان تەنانەت چەندە ئەساسەن ئەکرێ پێی بڵێی هەڵبژاردن، جارێ با بچێتەلاوە. گریمان بکرێ‌و قسەشی لەسەر نەبێ. بەڵام لە کوردستان موشکیلەیەکی چەن دە ساڵە لە گۆڕدایە کە تا چارەسەر نەکرێ، نە لەباری سیاسی‌و نە لەڕووی قانوونییەوە، رەوا نییە خەڵکی کوردستان بۆ بەر سندوقی هەڵبژاردن راپێچ بکرێن. با فشار بخەینە سەر "دەوڵەتی کاتیی عێراق"و سەر هەردوو حزبی خاوەن دەسەلات لە کوردستان‌و سەر یو ئێن‌و هەر لایەنێکی تر

که دەست‌و دەستووریّکی لە ئەوزاعی عیّراقدا هەیە، کە دان بەم واقعییەتەدا بنیّن‌و بیسەلمیّنن کە پیّش هەر چەشنە هەڵبژاردنیّك لە ئاستی سەرانسەریدا ئەبیّ وەزعی کوردستان روون بیّتەوە" ئەگەر خەڵك دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستان دا، هەڵبژاردن ئەچیّتە لاوە، ئەگەریش دەنگیان دا بە مانەوە لە چوارچیّوەی وڵاتی عیّراقدا، هەڵبژاردن ئەم ریّگرەی لەبەردەم هەڵئەگیریّ. با ئەم شیعارەی: ریفراندۆم پیّش هەڵبژاردن لە هەموو دارودیواریّك بنووسریّ‌و هەڵواسریّ‌و لە هەموو کۆڕو کۆمەڵیّك باسی لەسەر بکریّ‌و بچیّتە زەینی زۆرترین جەماوەری خەڵکەوە، هەتا کڵاو نەچیّتە سەریانەوە.

- باسی ریفراندۆم ئیّستە لە کوردستان گەرمەو لە ساڵیّك لەمەوبەریشەوە "بزووتنەوەی ریفراندۆم" لەم بوارەدا کاری کردووەو ئیمزایەکی زۆریشیان کۆکردەوە کە هاویشتیانە کۆشی "پەرلەمان"ەوە. بەڵام ئەمانە ناڵیّن ریفراندۆم بۆچی. ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەکریّ نەوەك بۆ شتی تر. ئەمەیە مەسەلەی سیاسی سەرەکی لە عیّراقدا کە ئایا خەڵکی کوردستان رایان بەرامبەر سەربەخۆیی‌و جیابوونەوە چیّیە" پرسی ریفراندۆم ئەمەیەو ناتوانیّ شتیّکی تر بیّ. ئەگەر نەفسی ریفراندۆم‌و پرسەکەی بسەلمیّندریّ، هەر حزبیّکی سیاسی کە وەك ئیّمە لایەنگری سەربەخۆیی بیّ یا وەك پارتی‌و یەکیّتی لایەنگری مانەوە بیّ لەچوارچیّوەی عیّراقدا، با قسەی خۆی بە گویّی خەڵك بگەیەنیّ‌و لە ئەنجامدا دەنگی خەڵك بیبڕیّنیّتەوە. تەنانەت غازی یاوەریش، ئەگەر نەیویستایە هەڵویّستی شۆڤیّنیستی دەربڕیّ، با بهاتایەو زەمانەتی بە خەڵك بدایە کە چی دی ستەم‌و کوشتارو هەڵاواردنی میللی لەسەر خەڵکی کوردستان نامیّنیّ‌و بەو پیّیە داوای لیّ بکردایەن کە دەنگ بە مانەوە بدەن. ئەو دەم دەنگی خەڵك لە ریفراندۆمیّکی ئازاد لە کوردستان دیاری ئەکرد کە بڕوا بە گفتی غازی یاوەرو یاوەرەکانی ئەکەن یان نا. ریفراندۆم ریّگایەکی سیاسی ئەکاتەوە بۆ هەموو لایەنیّك کە ریّگای خۆیان بە خەڵك رابگەیەنن‌و چاوەڕوانی بڕیاری خەڵك بن چۆن دەنگ ئەدەن. ریفراندۆم بە هیچ جۆریّك بۆ فیدراڵی نییە، بەڵام ئەوانەش کە بانگەوازی فیدراڵی ئەکەن، لەباتی هەوڵدان بۆ چەواشەکردنی خەڵك‌و بەلاڕیّدا بردنی داخوازی خەڵك بۆ ریفراندۆم‌و گۆڕینی پرسی ریفراندۆم، با پرسی "سەربەخۆیی ئا یان نا؟" بسەلمیّنن‌و ئەگەر پیّیان وایە خەڵك گوییّان بۆ رائەگریّ، راوەستن‌و چاوەڕوانی دەنگی خەڵك بکەن.

هەرکەس کە بڕوای بە چارەسەرێکی عادلانەو سیاسیو موتەمەدنانەو فەوریو بەکار بێ بۆ مەسەلەی چارەسەر نەکراوی کورد لە عێراق، با بە وردی سەرنجی ئەم خالآنەو ئەم دوو شیعارە بداو بە دوور لە تەعەسوبو دەماری ئایدۆلۆژیك، بێتە پای جەدەلێکی سیاسیو ئەمڕۆژی. بەمجۆرە ئەکرێ بەهیوابین کە راستیەکان زیاترو زیاتر لە خەڵك روون بێتەوەو سەرەنجامیش دەنگی ئازادانەی خودی ئەو خەڵکە زۆرلێکراوەیە کە لەسەر چارەنووسی سیاسی ئەو کۆمەڵگا کولۆڵە بڕیار ئەدا.